# نامەکانی ڤانگوخ

## نامەی ٢٩

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سالار مەجید**



ئەتن ١٨٨١

دەمەوێت پێتبڵێم کە ئەم هاوینە بەتەواوی‌و بێ ئەندازە هۆگری (ک) خانم بووم.... کاتێکیش ئەو هەستەی خۆمم پێوت لە وەڵامدا پێیوتم (رابووردوو وە داهاتوو بۆ من وەک یەکە، بۆیە ناتوانم بە هەستەوە وەڵامێکی تەواوت بدەمەوە).

ئەو کاتە ئیتر توشی گومان‌و دودڵیی بووم تووشی تێکچوون بووم لە بیرکردنەوەمداو نەمدەزانی کە ئایا لە بەردەم رستەی (بە هیچ شێوەیەک, لە هیچ کاتێکدا) خۆم بە دەستەوە بدەم یان نە, یان ئەو وەڵامە وەک شتێکی هەڵواسراوو بێوەڵام بهێڵمەوەو شەهامەتی خۆم بپارێزم‌و ئومێدێکم هەبێت. لە کۆتاییدا رێگەی دووهەمم هەڵبژاردو بەوەی کە لە بەردەم رستەی (بە هیچ شێوەیەک, لە هیچ کاتێک دا) بوەستم‌و پەشیمانیش نیم .

دیارە کە لەو کاتەوە تا ئێستا بەرگەی دەردو غەمێکی گەورەم گرتووە کە ئەگەر لە کتێبێکدا بنوسرێتەوە زۆر سەرنجراکێش دەبێت, بۆیە بەرگەگرتنی ئەو هەموو دەردە چێژبەخشیش بوو بۆ من .

بەهەر حاڵ خۆشحاڵم کە خۆم بەدەستەوە نەداوە (لەمە زیاتر چارەیەکم نیە) هەرکەسێک لە دڵییدا ئارەزوو سەودایەکی هەبێت زیندوو دڵ‌و بە ئومێد دەبێت.

لە گەڵ ئەوانەدا لە کاری وێنەکێشاندا کۆششێکی زۆر دەکەم‌و لەو رۆژەوە کە ئەوم بینیوە کارەکانم باشتر بوون .

(راپار) لێرە بوو رەنگی ئاویی باشیشی بۆ هێنابووم. ئومێدەوارم کە (مائوە) بە زوویی بێت بۆ لام ئەگەر ئەو نەیەت ئەوا من دەچم بۆ لای ئەو.

ئێستا, ئەم رۆژانە هێڵکاری زۆرم کێشاوەو هەست بە پێشکەوتنێکی باشیش دەکەم لەو هێڵکاریانەدا, ئێستا زۆرتر لە جاران بە پەرەموچ وێنە دەکێشم, بەڵام دنیا ئەوەندە ساردو سەرمایە کە تەنها بە وێنەکێشانی لەشی مرۆڤ‌و وێنەی بەرگدروو, سەبەتەچن‌و شتی تر رازیم.

ئەگەر کاتێک تۆ عاشق بوویت‌و رستەی (بە هیچ شێوەیەک، لە هیچ کاتێکدا)ت بیست هێزو رۆحت لە دەست نەدەیت، تۆ زۆر خۆشبەختی هیوادارم کە هەرگیز رستەیەکی وا نەبیستیت ....

فنسنت ڤان کوخ

# نامەیەکی رەمزی قوتبەدین بۆ نەهرۆ شەوقی

ئەم نامەیە لە هونەرمەند رەمزی قوتبەدینەوە لە ١٩٩٠/٨/١٠ دا لە پاریسی پایتەختی فەرەنساوە بۆ هونەرمەند نەهرۆ شەوقی نێردراوە، کە تیایدا باسی بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ کۆڵان‌و شەقامەکانی سلێمانی دا دەکات، کە بوونەتە سروشی کارەکانی.



بەرێزو هەمیشە خۆشەویستی
کاکە نەهرۆ گیان
گوڵەگەنمێکی رازاوەی وڵاتەکەم
بۆ تۆی هونەرمەندی ئازیز
کە هەمیشە بە ئاواتەوە بووم
بکەیتە ئەم ئاستە.
کۆڵێ خەم‌و پەژارەی کەسایەتی خۆم
وروژانەوە .. پەرت‌و بڵاو بوونەوە
بەسەر پالیتەو تابلۆکاندا.
نەهرۆ گیان سابوونکەران‌و ئیبراهیم پاشاو تووی مەلیک‌و قەرەجئاواو جوولەکان ... دەروازەی کارە گەورەکانم بوون..دوای ئەوەش کاروانی سەختی شاخ تاقیکردنەوەی هەرە گەورەی ژیانی من بوو.
کەواتە نەهرۆ گیان ئەم پەیامە کە خۆی لەخۆیدا
گەرانە بەدوای حەقیقەتدا ! حەقیقەتەکەش
دونیایەکی سوریالیە! تاقیکردنەوەی هەر کارێک
کە بۆنی گەرانی لێدێ وە یاخود گیانی خۆت
دەخەیتە گەر کە پڕە لە هەست‌و بیرەوەری هەموو گیانت
بێگومان ئەم تابلۆیە رۆح دەبەخشێ....
دەبێتە مایەی دڵخۆشکەری هاو ئازارەکانت
مەبەست لە ئازارەکان (هەکبەی وڵاتە)......
(کاتی خۆی دوو کاری بچووکی زەیتییت ناردبوو بۆم، بەشێوەی کارت بەوەوە گەشبوومەوە هەروەها پیشانی هەندێ خەڵکم دا زۆر جێی رەزامەندی بوو).

١٩٩٠-٨-١٠
Paris

